# با

بەختیار کەریم /ئۆکسفۆرد-ئینگلاند
تشرینی 2002

(با لە کونی کلیلەکەوە لوراندی وەرە
دەرگاکە فێڵبازانە کەوتە سەر گازەرای پشت و ووتی برۆ)  فریدریک نیچە

کە با هەڵدەکات
قژی کیژ و درەخت و داهوڵ دەئاڵۆزکێنێت
کەچی بای وەشدێ هەڵینەکرد و هەڵناکات
کەزییەی ئاڵۆزکاوی تەنهاییم خاوبکاتەوە

دەڵێن گوایە کافری وەک با جێگەی دۆزەخە
با چ باکیەتی برادەرە بەهەشتییەکانم
کە دۆزەخ لەناخیدا بێت!

ئەم با هەڵدەکات و دەڵێت خوشکە وەیشومەکەم گێژەڵوکەیە و ها لە دووامەوە
ئەو عەشق بەر لە هەڵکردنی گوێچکەم دەرزی ئاژن دەکات و دەڵێت
عەشقێکی تر پاییزێکی تر دێت کاتێک من لێرە نابم
ئێمە هەموومان دەڕۆین یەکتر جێدێڵێن
چ گەمەیەکی جەهەنەمیە ئەم سەفەرە ئەرخەوانییە

با هەڵدەکات و لە کوزەڵەی لە بێخهاتوو ناپرسێت
ئەو قرچە قرچە چیە لە دڵیەوە دێت؟
با هەڵدەکات و باکی بە کەوتنە خوارەوەی بەڕوو نیە
گوێ بە هەرەسی بەفرێک نادات کە شاخ لێی وەرس دەبێت
با هەڵدەکات و گۆرانی خۆی بۆ هاواری هەوای خەفەکراوی ناو ژوورێک نابڕێت

**بێهودەیە با**
**گەر عەشق هەڵنەکات**

**بایەک فەیلەسوفێکی جادوگەر لەگەڵ خۆی دێنێت و دەڵێت:**
**چما خۆت کۆنەکردۆتەوە؟ ئەم فەیلەسۆفە جادوگەر نیە ئیزرائیلە**
**بەدوای مێژوودا هاتوە!**
**ئاخر ............**
**بایەکی تر وشەکانی لە زارم فڕاند و وتی ئەم عاریفە سەرشێتە**
**دەیەوێت بڵێت: لێگەڕێ نەفام...لێگەڕێ ئەو نوێژەت هەر بۆ تەواو نەبوو**
**ئەوە خواش مرد!**
**ئاخر.....................**
**بایەک بەدیار باپیرمەوە هەڵدەتووتێت و بە دەستڕەنگینی ئەو پیاوە چەقۆکێشە سەرسامە**
**بایەک چەپڵە بۆ باپیرم دەتەقێنێت کاتێک سەرمەستی کۆشتنی عەقڵە**

**وەلێ کە عەشق هەڵدەکات**
**با لوورەی دێت لە نیگەرانیی**
**هاژەی دێت لە وەڕسیی**
**پێدەچێت دڵی شنەیەکی هەرزەکاری بە گڤەی تووڕەبوونێکی ناوادە شکاندبێت**
**یان مێخەکی باخچەیەکی بۆ هێنابێت و هەڵاڵەی شەماڵی لە دەست فڕاندبێت**
**ئەم بایە گڤەی دێت لە گریان**
**وا خەریکە خۆی لە بێخ بێنێت**
**ببیستن هاڕەی دێت لە شکان:**
**هۆ هۆ شنە شەرمنەکەی ئەوین**
**تووبی باران**
**بۆ خاتری دەریا**
**ئەمشەویش داڵدەمبە**
**تەنهایی دوژمنی بایە منیش لە نەوەی تۆفانم**
**خۆ تاوانم نەکرد شەوێک لە دەرگای بێدەنگیتمدا و**
**عاشقت بووم**
**من هەر ئەو با بێباکەم لام لە شکانی ڕۆحی سنەوبەر نەدەکردەوە**
**ئاورم لە قرچەی دڵی داربەڕوو نەدەدایەوە**
**ئێستا من عاشقت بوم**
**جاران لرفەم لرفەی غورور بوو**
**ئەمێستا کزەم کزەی ناڵینە بێ تۆ**

**جاران من دڵەکانم دەشکاند و نایلۆنە تەنهاکانم لە قوژبنی کۆڵانێک دەخزاند**
**ئەمێستا من لە مینای دڵی خاری خۆم دەگەڕیم و**
**لرفەم دێت لە عەشق و لاکەم دێت لە تەنهایی**
**جاران من کەلێنم دەکردە ڕۆحی بەفر، گەردنی درەخت و سینەی باخ**
**ئەمێستا کەلێنم هێند لە دڵ و ڕۆحن**
**بەشی هەڵکردنی سالانێک دەکەم لەناو خۆمدا**

**هۆ هۆ شنە بمبیستە چەند پەژیوان هاژەم دێت**
**پەنجەی تۆفانێکم دەگەزم تا ونتر نەبم**
**پەشیمانم لە ئاڵۆزکاندنی پرچی ژاڵە**
**لە قلێشاندنی لێوی نازناز**
**لە ڕووتکردنەوەی ڕۆژی نیوەڕۆی گوڵە بەیبوون**
**پەشیمانم شنە سەنگدڵەکەم پەشیمان**
**لە شکاندنی ملی گۆڵەبەڕۆژە**
**لە فڕاندنی نانی دەستی منداڵ**
**لە بەدەما خستنی پیرێژنی لە عەبادا نادیار**
**لە شکاندنی گوڵی ناو ئینجانەی سەر پەنجەرەی کیژێکی عاشق**
**پەشیمانم نمە بارانم بەدەم ڕێوە بۆ سەر زەوی لە ئاسمان دەدزی**
**کتێبم پەڕە پەڕە دەدڕاند و بۆنی حەرفە ڕژاوەکانیم لە لاملی خۆم دەدا**
**ببیستە لوورەی پەشیمانیم ببیبیستە** ....

***